# ڕێنیشاندەر
# بۆ ناخی زەوی*

## 2



Gunnar Ekelöf

**گوننار ئێکێلۆف**
1968 -1907

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە**
**ڕزگار شێخانی**
rizgar_shekani@yahoo.se

دەڵێن مانگ ئاوابووە و
وێنەی حەوتەوانەش، زستان دادێنێ
شەو رادەشکێ،
لێ من بە تەنیا ڕاکشاوم

منیش جارێکیان بینیمن،
بەڵام تەنیا شەشیان. حەوتەمیان
لەگەڵ کەسێکی کەوتووی ناو ئاویلکە بوو
دەڵێن حەزناکا خۆی نیشان بدا.

یان دەڵێن شایی دەکەن و
ئەوەی حەوتەمیان
سەرچۆپی گرتووە و
کەوتۆتە پەنای ئەوانیتر.

* سێیەمین قەسیدەی **"سیانەی دیوان"** ی گ.ئێکێلۆفە. هەرجارەی شیعرێک، یان چەند شیعرێکی بڵاودەکرێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com